# کۆمەڵگای ژنکوژ

بەختیار کەریم

"هەتا ژیان بەهادار بێت، هیچ کەس ئامادە نییە کۆتایی بە ژیان خۆی بهێنێت."
دەیڤد هیوم لە کتێبی (دەربارەی خۆکوشتن)دا.

ماوەیەکە هەوڵ دەدەین بابەتێک لەسەر کوشتنی ژنان و ناچارکردنیان بە خۆکوشتن بنووسین. بەڵام ئەو بابەتە جگە لە ئاڵۆزییەکەی، بابەتێکە کە ئێجگار هەستیارە، چونکە (من) وەک هەر (پیاوێک) بەرپرسیارێتی ئەو کوشتنانەم لە گەردنە. مەرج نییە ئێمە خاوەنی ئەو پەلەپیتکەیە بین کە فیشەکەکان رۆدەکاتە نێو کەللەسەری ژنێکەوە بۆ ئەوەی ژنکوژ بین، مەرجیش نییە ئێمە داگیرسێنەری ئەو دەنکە شقارتەیە بین کە کڵووکۆی ژنێک دادەمرکێنێتەوە بۆ ئەوەی ژنکوژ بین. ئێمە بەدەر لەوەی بە کردارەکی هەڵدەستین بە کوشتنی ژن، یان ئەکتیڤانە سەرقاڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەو دابونەریتانەین کە ژنکوشتن بەشێکی دانەبڕاوە لێیان، یان پاسیڤانە لەو جینۆسایدە دەروانین، ژنکوژین. هەموومان، یەک بە یەکی پیاوانی کورد، بەشێوەیەک لە شێوەکان ژنکوژین.
لێرەدا پێمان باشە وەک "تاوانبارێک" قسە لەسەر بارستایی ئەو بەرپرسیارێتییە بکەین کە لە ئەستۆماندایە، چونکە بێدەنگیی هیچ لە تاوانباریی و بەرپرسیارێتیمان کەمناکاتەوە. هاوکات دەبێت ئەوەش بڵێین کە قسەکردنی شەرمنۆکانەش دادمان نادات. کەواتە پێویستمان بە جۆرێک لە دەستپێکردن و پاشان بەردەوامیدانە بە پرۆسەی ریسواکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییانەی ئەکتیڤانە سەرقاڵی دۆزینەوەی شەرعیەتن بۆ جینۆسایدی ژنان لە کوردستان. لێرەدا ئێمە بەرپرسیارێتی سەرەکیی دەخەینە ئەستۆی کۆمەڵگا بەگشتیی، چونکە ئەوە هۆشیاریی کۆمەڵایەتییمانە کە هاندەر و رێگەخۆشکەرە بۆ جینۆسایدی ژنان، پاشان هەر هەمان هۆشیاریی کۆمەڵایەتییمانە کە پەردەپۆشی ئەو رووداوانە دەکات کە پێویستە هەستی مرۆڤایەتی بهەژێنێت و کۆی کۆمەڵگای ئێمە سەراسیمە بکات، پاشان ناچار بە هەڵوێست وەرگرتن و بەرتەکی بکات لەدژی ئەو رەشەکوژییە.
لە زمانی ئێمەدا وشەکانی "کوشتن" و "پیاوکوشتن" هاومانان، دوو وشەن کە پێناسەی هەمان کردار دەکەن، بەڵام بەهیچ کلۆجێک "ژنکوشتن" لە تێکچڕژانی ئەو دوو وشەیەدا جێگەی نەگرتووە. دەکرێت بڵێین لە ئاستی کۆمەڵایەتییدا ئێمە ژنکوشتن وەک کوشتن نابینین، بەڵکو کوشتن ئەو کاتە روودەدات کە پیاوێک ببێتە قوربانی. بۆ پشتراستکردنی ئەم دیدە، پێشبینی ئەوە بکە ئەو ژنانەی کوژراون و دەکوژرێن، یان ناچار بە خۆسووتاندن کراون و دەکرێن، پیاو بوونایە، کاردانەوەی کۆمەڵگای ئێمە لەبەرامبەریاندا چی دەبوو؟ بێگومان زۆر جیاواز دەبوو. دەشێت هەندێک بەرپرسیارێتی ئەم رەشەکوژییەی ژنان و ئەم بێدەنگییەی ئێمە بخەنە ئەستۆی "مەرگدۆستی" کۆمەڵگای ئێمە. لەراستییدا ئەم دیدە شکست دەخوات لە تێگەیشتن لە سەرەتاییترین فاکتی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش بریتیە لە گیرخواردنی تاک لەناو کۆمەڵگادا هاوکات کارلێکی تاک و کۆمەڵگا کە دیالێکتیکیانە کاردەکات. شتێک نییە لە چەشنی "مەرگدۆستی" یان کۆمەڵگای مەرگدۆست، ئەوەی هەیە کۆمەڵێک نۆرم یان رێسای کۆمەڵایەتیین کە تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ناچاردەکەن خۆیان بکوژن و ئەوانی دیکەش ناچار بە بێدەنگیی دەکەن. واتا ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە ژنانی وڵاتی ئێمە ناچاردەکەن خۆیان بسووتێنن، کۆمەڵێک یاسای ئەبەدیی نین، بەڵکو شایانی گۆڕانن. بەڵام بۆ ئەو گۆڕانە، پێویستە بەر لە هەموو شتێک ددان بە بەرپرسیارێتی خۆماندا بنێین، ئەوجا هەوڵ بدەین ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانە

بێبەها بکەین، تا دەبنە بەشێک لە مێژوویەکی تاڵ. لێرەوە دەشێت خوێنەر بپرسێت، کەوایە ناونیشانی ئەم بابەتەش هەڵەیە، چونکە کاتێک شتێک نەبێت لە چەشنی کۆمەڵگای مەرگدۆست و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیانەدا بن لەگەڵ تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، شتێکیش نابێت لە چەشنی کۆمەڵگای ژنکوژ. ئەمە تەواو دروستە، بەڵام لانیکەم لە ئێستادا کۆمەڵگای ئێمە بەو پێیەی ئێمە دەیبینین کۆمەڵگایەکی ژنکوژە، ئومێدیشمان ئەوەیە لە داهاتوودا ئەم کوشتارە کۆتای بێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەو دواڵیزمەی تاک و کۆمەڵگا بدەین، کە لە کۆی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، سۆسیۆلۆجی بەتایبەتی، جێگەی لیکدانەوە بووە. وەک لە سەرەوە گوترا، پەیوەندیی نێوان تاک و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکی دوولایەنەیە کە دیالێکتیکیانە یەک کاریگەری لەسەر ئەوی دیکە دادەنێت. زۆربەی بیریاران یان تاک یان بونیادیان کرۆدتە ئەکتەری کۆمەڵایەتی سەرەکیی. دواتر ئەنتۆنی گیدنس، لەرێگای تیۆرە بەناوبانگەکەیەوە ستراکچەرەیشن (structuration) هەوڵیدا کە گرنگی بونیاد (structure)ی کۆمەڵایەتیی بەبێ پشتگوێخستنی رۆڵی تاک لەو بونیادەدا تیۆریزە بکات. گیدنس، دەڵێت ئەو بونیادە مەحکومە بە دوالیزمێک، کە کردەی کۆمەلایەتی سنووردار دەکات و رێکیدەخات، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو کردە کۆمەڵایەتییانە خودی بونیادەکە دروستدەکەنەوە (recreation). لێرەوە هەڵەیە ئەگەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەم پەیوەندییە بە کاریگەرتر بزانین و رۆڵی یەکلاکەرەوە و بریاردەری پێبدەین.

ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی ئەو نۆرمانە بەرهەمدەهێنێت کە ژنان ناچار بە خۆسووتاندن دەکەن، لە ئاسمانەوە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا نەسپێنراوە، بەڵکو بەرهەمی بەریەککەوتن و مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتیانەی ئێمەیە لەگەڵ یەکتردا، بەرهەمی تێکچرژانی بیر و کاری نەوە دوای نەوەی کۆمەڵگای ئێمەیە. لە ئێستاشدا ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە لەرێگای هزر و کرداری ئێمەوە گۆران بەخۆیە دەبینێت، یان ئەوە کار و هزی ئێمەیە کە رێگە لەهەموو گۆرانێک دەگرێت لە بونیادە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگادا. لێرەوەیە کاتێک دەڵێین بەرپرسیارێتی سەرەکیی لەئەستۆی کۆمەڵگادایە وەک گردبوونەوەی ئێمە لە دەوری ئایدیای کۆمەڵگای کوردی. ئێمە بەپرسین چونکە ئەگەرچی دەزانین ئەو نۆرمانەی ژنان ناچار بەخۆسووتاندن دەکەن و ئەو دامەزراوانەی ئەم خۆسووتاندنە پەردەپۆش دەکەن پێویستیان بە گۆران هەیە، بەڵام تا ئێستا بچوکترین هەنگاومان نەناوە بە ئاراستەی ئەو گۆرانەدا. لەباشترین حاڵەتدا شەرمانانە کارەکەمان بۆ خودی ژنان بەجێهێشتوە و خۆشمان لە دورەوە لەو خۆسووتاندن و کوشتارە رۆژانەیە دەروانین کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرێت. کێشەی کوشتار و خۆسووسووتاندنی ژنان، وەک چۆن کێشەیەکی تاکەکەسیانە نییە، ئەوهاش کێشەیەکی جێندەری نییە، ئەگەرچی ژنان کۆی قوربانییەکانی ئەو تاوانانەن، بەڵام ناکرێت پێمان وابێت کە کۆمەڵێک فێمینیست دەتوانن بە شاتەشات یان بە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پۆست کێشەکە چارەسەر دەکەن. چونکە ئەم کێشە گەورەیە کێشەی کۆی کۆمەڵگای ئێمەیە و پێویستە هەموومان رووبەرووی ببینەوە. لیرەدا مەبەستمان نییە ئەرک و ماندووبوونی هەندێک ژنی کارا بەکەم بنرخێنین، بەڵکو دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم کێشەیە بە کۆی کۆمەڵگا چارەسەر دەکرێت، نەک بە شۆرشێکی جێندەریی. خەباتی ژنان دەتوانێت مافی سیاسی بۆ ژنانی چینی خوێندەواری کۆمەڵگای ئێمە دەستەبەربکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو ژنانە لە مەرگ رزگاربکات کە قوربانی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانن. بۆ رزگارکردنی ژنان لە ئەشکەنجە و ناچارکردنیان بەخۆسووتاندن، کۆی کۆمەڵگا پێویستی بە تیۆەگلان هەیە لە گفتوگۆیەکدا لەسەر ئەم دیاردەیە و هێز و دامەزراوە کاراکانی پشتی ئەم دیاردەیە. پاشان دەرئەنجامەکانی ئەم گفتوگۆیە، دەکرێت کۆمەڵێک پێشنیار و رێنامیی لێبەرهەم بێت بۆ هەنگاونانی کردارەکیی و رۆشنکردنەوەی بیری ئەو کەسانەی کە دۆگماکان ناچاریان دەکەن ژن بکوژن یان ناچار بە خۆسووتاندنیان بکەن.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بەرپرسیارێتی خۆکوشتنی ژنان بخەینە ئەستۆی کۆی کۆمەڵگا، هاوکات ئەو بۆچوونە پووچەڵ بکەینەوە کە خۆکوشتنی ژنان لە ناوکۆییە کۆمەڵایەتییەکەی جیادەکاتەوە و وەک دیاردەیەکی تاکەکەسیانە دەیناسێنێت. بێگومان ئەوانەی ئەم کارە دەکەن، کەسانێکین کە خۆیان لە بەرپرسیارێتی دەدزنەوە و بۆیان گرنگ نییە سنوورێک بۆ ئەو ڕەشەکوژییەی ژنان دابنرێت. بۆیە زۆر ئاسانە بۆ هەڵگرانی ئەم دیدە، کە خۆسوتاندنی ژنان وەک دیاردەیەکی تاکەکەسیانە بناسێنن، هاوکات نکوڵی لەوە بکەن کە کۆمەڵگە و دامەزراوە بەهێزەکانی بەرپرسیاری سەرەکین. ئەم دیدە دیدێکی تاکگەرایی بەرتەسکە، کە ڕۆڵی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان پشتگوێ دەخات، چونکە بڕوایان وایە کە تاک فاکتەری یەکلاکەرەوەیە لە بەدیهێنان و لەناوبردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا. هاوکات هەڵەیە ئەگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیدە تاکگەرایە پەنابەرینە بەر دیدێکی بونیادگەرا، چونکە دیسان لە تێڕامانماندا بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی تاک پشتگوێ دەخەین و پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە بونیاد ڕۆڵی سەرەکیی و یەکلاکەرەوەی هەیە لە بەرهەمهێنان و سەپاندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا. وەک لەسەرەوە باسمان کرد باشترین ڕێگا پەنابردنە بۆ تیۆری ستراکچەرەیشن، کە لەیەک کاتدا تێڕامانی ئاراستەی ڕۆڵی تاک و بونیاد دەکات.

## تێڕامانێک لە خۆکوشتن!

ئێمیل دۆرکهایم کتێبێکی زۆر بەناوبانگی هەیە بەناونیشانی "خۆکوشتن". دۆرکهایم لەو کتێبەدا، خۆکوشتن وەک فاکتێکی کۆمەڵایەتی نمایش دەکات. واتا بۆ دۆرکهایم، بەپێچەوانەی زۆربەی سۆسیۆلۆگەکانی هاوسەردەمی خۆی و پاش خۆشی، خۆکوشتن هەستێکی گشتییە، لە کۆلێکتیڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ تاک، نەک بەپێچەوانەوە. دۆرکهایم دەڵێت هەڵەیە لە خۆکوشتن وەک فاکتێکی تاکەکەسی بڕوانین، بەڵکو پێویستە وەک فاکتێکی کۆمەڵایەتی لێبڕوانین و لێبکۆڵینەوە. ئەم بۆچوونەی دۆرکهایم بۆ کۆمەڵگەی ئێمە زۆر دروستە، چونکە وەک دەبینین، ئێمەی پیاو، ژن دەکوژین، ئەگەر لەسەر مەریخیش بژین، بەڵام ژنان تەنها لەناو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی نێو کوردستاندا ناچار بە خۆسووتاندن دەکرێن. سەرنج بدە کورد لە خۆرئاوا ژمارەیان لە زۆربەی نەتەوە موسوڵمانەکانی دیکە کەمترە، کە تا ئەندازەیەک کولتوریان لەگەڵ هی کورددا هاوشێوەیە، بەڵام ژمارەی ئەو ژنە کوردانەی لە خۆرئاوا دەکوژرێن لە هی هەموو نەتەوەکانی دیکە زۆرترە. بەڵام ژمارەی ئەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن ئێجگار کەمە، لەڕاستیدا لەوانەیە هەر نەبێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی خۆسوتاندنی ژنان لە کوردستان وابەستەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەیە کە: یەکەم، ژنان ناچاردەکات پەنابەرنە بەر خۆسوتاندن، دووەم، لەڕێگای ئاماژەدان بەم ڕووداوە وەک ناگرنگ، شەرعیەتی بۆ دەدۆزرێتەوە و ڕێگا بۆ بەردوامبوونی خۆش دەکرێت.
بێگومان قبوولکردنی دیدەکەی دۆرکهایم زۆر سەختە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە وەک دۆرکهایم دەڵێت خەیاڵپلاون. دەکرێت بپرسین چۆن دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە کەسێک لەڕێگای ئەو کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشێکن لە کۆدە کۆمەڵایەتییەکان ناچار بکرێت خۆی بکوژێت، بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەکدا کە خۆکوشتن قەدەغەبکات، لە کۆمەڵگایەکدا کە ئایین خۆکوشتن وەک تاوانی گەورە بناسێنێت؟ بۆ ئەوەی ئەم دیدەی دۆرکهایم ڕۆشنتر ببێتەوە، بۆئەوەی ئاڵۆزییەکەی نەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن، پێمان باشە کە چوار جۆرەکەی خۆکوشتن لای دۆرکهایم دەستنیشان بکەین. دوو جۆری یەکەم و دووەم پێچەوانەی یەکترن، دوو جۆری سێیەم وچوارمیش هاوشێوە پێچەوانەی یەکن.
بەڵام بەرلەوە گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە بۆ دۆرکهایم هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی فەرمانێکی (function) دیاریکراوی هەیە، بەدەر لە باشی یان خراپی ئەو دیاردەیە فەرمانێکی دیاریکراو

بەجێدەگەیەنێت و سوودی خۆی هەیە بۆ کۆمەڵگا. پاشان دۆرکهایم ڕۆڵی سەرەکیی و یەکلاکەرەوە لە بونیاددا نیشتەجێ دەکات و دەڵێت کە تاک لەناو ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییە سەقامگیرانەدا گیری خواردوە و توانای نییە بیانگۆڕێت. لێرەدا کێشەیەک ڕووبەڕووی ئەم دیدە دەبێتەوە، ئەویش گۆڕانی بونیادە لە ئەنجامی کرداری تاکەوە، چونکە ئەگەر بەپێی ئەم دیدە بێت ئەوا بونیادەکان نەگۆڕ و بڕیاردەر دەبن. بەڵام نەوەی دووەمی قوتابخانەی فەرمانگەرایی (functionalism) کە پاشکەوتەی دۆرکهایمن، وەک تالکۆت پارسنس، باس لەوە دەکەن کە فەرمانەکان دەگۆڕێن بەڵام بۆ فەرمانی ورد و دیاریکراوی دیکە. واتا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە فەرمانێکی دیارکراو بەجێدەهێنێت، لەکاتی نەمانیدا چەندین نیمچەفەرمانی (sub-functions) دیکە جێگەی دەگرنەوە کە دواجار فەرمانەکانی هەمان دیاردە، لەوانەیە بەجیاوازییەوە، بەجێدەگەیەنن. ئێستا سەرنج لە دابەشکارییەکەی دۆرکهایم دەدەین بۆ دیاردەی خۆکوشتن.

جۆری یەکەم، خۆکوشتنی خودپەرستانەیە (egoistic suicide)، ئەو جۆرەیە کە زۆربەمان پێمانوایە کە هۆکاری سەرەکییە بۆ خۆکوشتن. واتا زۆربەی کات ئێمە لە خۆکوشتن وەک هەڵبژاردەیەکی تاکەکەسیانە دەڕوانین، وەک ڕووداوێک کە هەستێکی نامۆبوونی خۆپەرستانە پاڵنەری ڕاستەقینەیەتی. بەڵام دۆرکهایم ئەم خۆکۆشتنە دەبەستێتەوە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە و لەبەرامبەریشدا جۆری دووەم کە وەک ئاستە توندەکەی ئەمە نمایشی دەکات ناودەنێت خۆکوشتنی خۆبەخشانە ( altruistic suicide). لێرەدا بۆ مەبەستی ئێمە ئەم دوو جۆرە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناڕوانین. لەجیاتی ئەوە ڕوودەکەینە دوو جۆرەکەی دیکە کە خزمەت بە باسەکەمان دەکەن.

جۆری سێیەم، دۆرکهایم ناوی دەنێت خۆکوشتنی ئەنۆمیک "anomic suicide". ئەم جۆرە لەو دۆخەدا ڕوودەدات کە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرانین، کاتێک کە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان شکست دەخۆن و تاکەکەس نازانێت چۆن ڕەفتار بکات. ئەم جۆرەی خۆکوشتن زۆرتر ئەو کاتانە ڕوودەدەن کە گۆڕانکارییەکی گەورە و لەناکاوی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێیە، بۆ نموونە ئەو هەلومەرج و گۆڕانە لەناکاوانەی کوردستان نمونەیەکی باشن بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووەوە. لە کوردستان ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان وەک جاران ئاشکرانین، ژنانیش نازانن چۆن لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا ڕەفتار بکەن، بەبێ ئەوەی ژیانیان بکەوێتە بەردەم مەترسییەوە، لەبەرئەوە وەک دەبینین ڕێژەی خۆکوشتنی ژنان زیادی کردوە نەک کەم. بێگومان لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە دۆرکهایم خۆکوشتن بەشێوەیەکی گشتیی بەکاردەبات، واتا لەسەر بنەمای دابەشبوونی جێندەر قسەناکات. هاوکات ئەگەر ئەم دیدەی دۆرکهایم دروست بێت دەبێت ڕێژەی خۆکوشتن لەناو پیاویشدا زیادبکات. سەرەڕای ئەم ڕەخنەیە کە دەکرێت ئاراستەی ئەم ڕاڤەکردنەی ئێمە بکرێت بۆ دیدەکەی دۆرکهایم، گرنگە ئەوە بزانین ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی ڕوودەدەن لە بەرژەوەندیی جێندەری باڵادەستن، ئەمەش دەبێتە هۆی نوێکردنەوەی کۆتوبەندەکانی ژنان لە فۆرم و شێوەی مۆدێرنتر و کاریگەرتردا. بۆ نموونە ئەمڕۆ پیاوی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی کە هەموو بەهایەکیان خستۆتە ژێر پێوە و سەرقاڵی کۆکردنەوەی سامانن، دەرپێکانیان داوە بەشانیاندا، بەڵام هاوکات چاوەڕوانی ئەوە لە ژنەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان دەکەن، کە هەمان کار نەکەن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەن لە بەرامبەردا قوفڵ لە دەرپێکانی خۆیان بدەن. پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن دەکرێت ئێمە هەموومان بمانەوێت تا دوا ئەندازە ئارەزووەکانی خۆمان تێربکەین، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە لە ژنان بکەین کە بەپێی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانە ڕەفتار بکەن، کە خۆمان ڕەتیان دەکەینەوە یان لانیکەم پێشێلیان دەکەین؟ ئەمە ئەو دۆخەیە کە ژنی کورد تێیدا بارگاویکراوە بە کۆی بەرپرسیارێتییەکان، ژنی کورد دەبێتە بابەتی سێکس بۆ پیاو، پاش بوونی بە بابەتی سێکس بۆ پیاو، ژنی کورد دەبێتە قوربانی دەستی پیاو. ئەمەش هۆکاری دروستبوونی

نابەرابەرییەکی سەرسورهێنەرە لەنێوان ژمارەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن لەگەڵ ئەو پیاوانەی خۆیان دەکوژن، دیارە مەبەستمان لە خۆکوشتن ئەو جۆرەیە کە باسمانکرد واتا خۆکوشتنی ئەنۆمیک. جۆری چوارەمی خۆکوشتن، بەبڕوای دۆرکهایم لەوکاتانەدا ڕوودەدات کە بەپێچەوانەوەی ئەوەی کە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان نائاشکرابن، ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاشکران و زۆر بەتووندی پەیڕەودەکرێن. بۆ نموونە خۆکوشتنی ژنێکی هیندی لەکاتی سوتاندنی مێردە کۆچکردوەکەیدا. کاتێک ئەم ژنانە خۆیان دەدەن بەسەر تەرمی ئاگرگرتووی مێردە کۆچکردوەکانیاندا، ناچار دەکرێن ئەم کارە بکەن، چونکە دەزانن ژیان بەسەربردن وەک "بێوەژن" لەناو کۆمەڵگەدا چۆنە. هاوشێوەش ژنی کورد لەڕیگای خۆسووتاندنەوە دەیەوێت کۆتایی بەو نەهامەتییانە بهێنێت کە پیاوێک یان چەند پیاوێک بگرە کۆی کۆمەڵگا بەرپرسن لە بەردوامبوونی، یان دەخوازێت خۆی لەو بەدبەختییانە ڕزگاربکات کە دڵنیایە لە داهاتوودا چاوەڕانی دەکەن. ئەم جۆرەی چوارەمی خۆکوشتن، ڕێک پێچەوانەی ئاستەکەی دیکەیە، بەو پێیەی کە نۆرم و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان نەشێواون بەڵکو ئاشکراو و کاران. دۆرکهایم ئەم ئاستە ناودەنێت خۆکوشتنی یەکلاکەرەوە (fatalistic suicide).

کەواتە دەکرێت خۆسوتاندنی ژنانی کورد، بەپێی ئەم دوو جۆرەی دواتری (واتا سێیەم و چوارەم) دۆرکهایم ڕاڤەبکەین. چونکە کاتێک ژن لە ناسنامەی خۆی، واتا لە ژنبوونی، بەتاڵ دەکرێتەوە و کورت دەکرێتەوە بۆ بابەتی سێکسێکی ئاژەڵیانە، سێکسێک کە خودی ژن لە کەسەوە دەگۆڕێت بۆ بابەت، هیچ گوتنێکی نابێت لەو کردە ئاژەڵییەدا. دابەزاندنی ژن بۆ ئەم ئاستە هاوشانە لەگەڵ سەندنەوەی مافی بڕیاردان لە ئایندەی خۆی وەک مرۆڤ، واتا ئۆتۆنۆمی ژن تاڵان دەکرێت و ئێمە بڕیار لە ژیانی دەدەین، بڕیار دەدەین، چی لەبەربکات، چی بخوات، چۆن و کەی و بەکێ شووبکات، لەگەڵ هەموو ئەو بڕیارانەی هەر تاکەکەسێک دەخوازێت بیدات. تاڵانکردنی ژن لە ئۆتۆنۆمی دەرئەنجامەکەی نامۆبوون و سەرلێشێوانێکی کۆمەڵایەتییە، هەندێک جاریش تاکە ڕێگەچارە کۆتاییهێنانە بە خودی ژیان.
بەڵام لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە کۆنە سواوە بهێنرێتە پێشەوە، کە ئەو مەرجەی ئێمە باسی دەکەین بۆ کۆی مرۆڤی کورد دروستە. ئەم تێڕامانە ئەگەرچی هەڵگری شتێکە لە دروستی، بەڵام کورتبینە. چونکە سەرەڕای ئەم دیاردەیە، ژنی کورد گیرۆدەی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەیە کە دەشێت پیاو یان گیرۆدەی نەبێت، یان ئاسان بتوانێت خۆی لە دەستیان ڕزگاربکات. هاوکات پیاو لانیکەم لەئاستی کۆمەڵایەتییدا خاوەنی ئیرادەی بڕیاردان و هەڵبژاردنە، لەکاتێکدا ئەم ئیرادەی بڕیاردان و هەڵبژاردنەی ژنی کوردیش لەلایەن پیاوەوە دەستی بەسەردا گیراوە و ژنی تووشی نامۆبوون کردوە. نامۆبوونێک کە هەندێک جار پەنادەباتە بەر یاخیبوونێکی ڕەوا لەم ڕووتکردنەوەیە لە ئیرادە و مرۆڤبوون، واتا بەکۆیلەکردن، یان کۆتایی بە تەمەنی پڕ لە مەینەتیی ڕۆح و جەستە کۆیلەکراوەکەی دەهێنێت. کارەسات لەوەدایە ئەم دوو هەوڵە ژن ڕووبەڕووی هەمان دەرئەنجام دەکەنەوە کە مەرگە. چونکە کاردانەوەی کۆمەڵگا لە هەر یاخیبوونێکی ڕەوای ژن، کوشتنێکی ناڕەوایە، یان ناچارکردنییەتی بە خۆسووتاندن.
لە خوارەوە سەرنج دەدەین لەوەی کە کام دامەزراوە کۆمەڵایەتییە لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاراتر هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەو نۆرمانە دەدات کە لە پشت ڕەشەکوژی ژنانەوە کاران؟ کام دامەزراوە زیاد لە هەموو دامەزراوەکانی دیکە شەرعیەتێکی ئایدۆلۆجیانە بۆ نەهامەتییەکانی ژنان و پاشان پەردەپۆشێک بۆ خۆسووتاندنیان فەراهەم دەکات؟ ئایین. بەڵێ ئایین ئەو دامەزراوەیەیە کە کاراتر لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ئەم ڕۆڵە ئایدۆلۆجییە دەبینێت.

## ڕۆڵی ئایدۆلۆجییانەی ئایین

ماکس ڤەیبەر، لە بەناوبانگترین بەرهەمیدا باس لە گرنگی ڕۆڵی ئایین دەکات لە گۆڕان، یان ڕێگرتن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. ڤەیبەر لە "ئێتیکی پرۆتستانتیزم و ڕۆحی سەرمایەداری"دا، پرۆتستانیزم (کالڤینیزم بەدیاریکراوی)، وەک پێشمەرجی ئایدۆلۆجی کاپیتالیزم دەناسێنێت. پرۆتستانیزم لەڕێگای ناوازەییەکەیەوە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی مۆدێکی نوێی ئابووری خۆشدەکات، کە بریتییە لە کاپیتالیزم (سەرمایەداری). پرۆتستانتیزم، جیاواز لە کاسۆلیسیزم، مرۆڤ دەخاتە نێو تەنهاییەکەوە کە بەدرێژایی ژیانی هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە جگە لە کاری خۆبەخشانە لەپێناو ڕازیکردنی خودادا، ئەمەش بەبڕوای ڤەیبەر، هۆکاری چالاکبوون و خۆماندووکردنی پرۆتستانتەکانە. ئەو هەستی تەنهایی و بێدەرەتانییە جۆرێک لە حیرمان (Ascetic) بەرهەم دەهێنێت، کە لە دواجاردا دەبێتە هاندەر بۆ بەرهەمهێنان و هەوڵدانی نەپساوە بۆ ڕازیکردنی خودا. ئەم حیرمانە جۆرە ئێتیکێکە (ethic) کە بە بڕوای ڤەیبەر دەبێتە خۆراک بۆ ڕۆحی سەرمایەداری. دیسان لێرەدا گرنگ نییە تا چەند ڤەیبەر دروستە لەم تێڕامانەدا، بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو دیدە دروستەی ڤەیبەرە کە دەڵێت: ئایین وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی پێشمەرج و پاڵپشتیی ئایدۆلۆجی بۆ چەندین دیاردە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دابین دەکات. لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە ئایین لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەمان ئەو پێشمەرجە ئایدۆلۆجییەیە کە لە پشت کوشتاری ژنانەوە ڕاوەستاوە. ئایین هاوکات ڕاگر و پارێزەری ئەو نۆرمانەیە کە بەرهەمهێنی ئەم دیاردە سامناکەن، مەرج نییە ئایین خۆی بەرهەمهێنیان بێت، بەڵام دواجار ئایین و پیاوانی ئایینی کاراترین ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی ئەو کۆدە کۆمەڵایەتییانەدا کە ژنان ناچار بە خۆسووتاندن دەکەن.

پرسیاری گرنگ و قەیراناوی لێرەدا کە بەر لە کردنی ماکس ڤەیبەر خۆی وەڵامی دەداتەوە ئەوەیە: ئایینی ئیسلامیش هاوشێوەی پرۆتستانتیزم پاشکەوتەکانی تووشی هەمان حیرمان دەکات کە ئاماژەمان پێدا، ئەدی بۆ ئیسلام نەبۆتە هۆکاری پێشمەرج بۆ گۆڕانی گەورەی وەک گواستنەوە لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەداری؟ وەڵامی ڤەیبەر ئەوەیە کە ئیسلام کۆی توانستی پاشکەوتەکانی، کە لە هەمان حیرماندا دەژین کە پرۆتستانتەکان تێیدا دەژین، ئاراستەی 'جیهاد' دەکات. جیهاد وەک بەشێک لە بەئیسلامکردنی کۆی کۆمەڵگەکانی جیهان. وەک وتمان پرسیارەکە زۆر لەوە قەیراناویترە ئەم وتارە لە توانایدا هەبێت وەڵامێکی کۆنکریتی بداتەوە، بگرە ئەو وەڵامە کۆنکریتە لەوانەیە بوونی نەبێت! لەبەرئەوە دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی ئایین لە فەراهەمکردنی پاشخانێکی ئایدۆلۆجی بۆ ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرهەمهێن و برەوپێدەری دیاردەی خۆسووتاندنی ژنانن.

دەبێت دووبارە جەخت لەوە بکەینەوە کە مەرج نییە ئایین ڕاستەوخۆ بەرهەمهێنی دیاردەکانی کوشتنی ژنان و خۆسووتاندنی ژنان بێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە مانەوەی ئەو دیاردەیەدا بەو بەربڵاوییەی کە ئێستا هەیە. ئایین نەک بەتەنها ڕۆڵێکی لاوەکی و دووەمیی (secondary) بە ژن دەبەخشێت لە ڕێساکانی خۆیدا، بەڵکو شەرعیەتیش بە کۆی ئەو کۆدە کۆمەڵایەتییانە دەدات کە بەرهەمهێنی خۆسووتاندنی ژنانن. ژن خۆی دەسووتێنێت تا لەو پێگە لاوەکییە دەربازی ببێت کە ئایین پێیبەخشیوە و کۆمەڵگاش تا ئەندازەی توندوتیژیەکی سەرسوڕهێنەر ئەو پێگە لاوەکییە نزمتر دەکاتەوە. ئەگەر لە ئایینی ئیسلامدا دوو ژن یەکسان بن بە یەک پیاو، ئەوا لە کۆمەڵگای کوردیدا چوار ژن یەکسانن بە یەک پیاو. مەبەستمانە بڵێین زیادەڕۆیی کردن لە ڕۆڵی نێگەتیڤی ئایین زادەی تێنەگەیشتنە لە کۆمەڵگا و ئایین وەک تەنها دامەزراوەیەک لەو کۆمەڵگایە. ئایین لەڕێگای پیاوەکانییەوە، کە دواجار زیاتر پەروەردەی کۆمەڵگان وەک لە ئایین، شەرعیەت بۆ ئەو دیاردەیە دەدۆزێتەوە، کە بە بۆچوونی پیاوەکانی ئایین بەرەنگاربوونەوەی خود بە خود بەرەنگاربوونەوەی کۆی بنەماکانی ئایینە. بەڵام لەڕاستییدا وانییە.

ئایین ئەگەر ڕۆڵی خۆی لە مەسەلەی خۆسووتاندنی ژناندا لە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤەوە بگۆڕیت بۆ ڕۆڵێکی پاسیڤ، هەم ئەرکی کۆمەڵگا سووک دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە، هەم کۆی ئەو تۆمەتانەش پووچەڵدەکاتەوە کە ئاراستەی ئایین دەکرێن. کەواتە بەر لە هەمووومان پیاوانی ئایین پێویستیان بە بەخۆداچوونەوە و ئاشنابوونە بەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی بەناوی ئایینەوە دەیگێڕن!
بەڵام بارەکە لای ئێمە بەشیوەیەکی زۆر سامناک کەوتۆتەوە. پیاوانی ئایین کۆی زانیاریی و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو دابونەریتانەی کە ژنان ناچار بە خۆکوشتن دەکەن. پیاوانی ئایین بە ئەندازەیەکی سامناک ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەیان لە واتا کۆمەڵایەتییەکەی بەتاڵکردۆتەوە و کردوویانە بە دیاردەیەکی ئایینی کە قسەکردن لەسەری دژایەتیکردنی ئایینە، یان وەک دەڵێن بانگەشەکردنە بۆ بەرقەراربوونی "بەرەڵایی" لە کۆمەڵگادا. دەرهێنانی دیاردەیەک لە ناوکۆییە کۆمەڵایەتییەکەی و بارگاویکردنی بە ئاستە پیرۆزەکانی ئایین، دەرئەنجامەکەی ناچاربوونی پیاوانی ئایینە بۆ دۆزینەوەی شەرعیەت بۆ ئەو دیاردەیە. دۆزینەوەی شەرعیەتیش لە چەندین فۆرم و شێوەی جیاوازدا دەبێت. دەشێت هەڵبژاردنی بێدەنگی بێت لەسەر دیاردەکە، یان ناچارکردنی خەڵک بێت بە بێدەنگیی، یان پشتگوێخستنی کێشەکە بێت و ناساندنی بێت وەک کێشەیەکی لاوەکی تایبەت بە ڕەگەزێکی لاوەکی.

## کۆتایی

لەکۆتاییدا، ئێمە لێرەدا خۆمان لە پەرێزی دۆزێکی زۆر سامناک و ئاڵۆزدا، کە دەکرێت و پێویستە بە دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێت و کۆی ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکرێن. ئومێدی ئێمە زەقکردنەوەی کێشەکەیە نەک هەڵوێست وەرگرتن، گوێزانەوەی ئەم گفتۆگۆیەیە لە پلاتفۆرمی کۆمەڵێک بەناو فێمەنیست و پیاوی شەرمن و ماستاوچییەوە بۆ پلاتفۆرمێکی فراوانتر کە کۆی توێژەکانی کۆمەڵگا گوتنی خۆیان هەبێت. خۆسووستاندنی ژنان کێشەیەکی تاکەکسی نییە، هاوکاتیش کێشەیەکی جێندەری نییە، بەڵکو کێشەی کۆی کۆمەڵگایە. ئەم کێشەیە وەک مۆرێکی شەرمە بە ناوچەوانی هەمووومانەوە، پێمان خۆش بێت یان نا، هەمووومان لەم میراتی شەرمەدا "برابەشین"، وەک چۆن یاساکانی میراتی ئیسلامی دەڵێت دوو خۆشک ئەوەندەی برایەکیان بەردەکەوێت، لە بەشکردنی ئەم شەرمەشدا نابێت لە یاساکانی ئیسلام دەربچین (دەنا.......). واتا هەموو یەکێک لە ئێمە دوو ئەوەندەی خوشکە قوربانییەکانمان شەرمەزارین. ئەمە هەڵوێست نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر حەقیقەتێکی تاڵی کۆمەڵگاکەمان، خۆدزینەوەش لەم حەقیقەتە ڕووی کەسمان سپی ناکاتەوە، ئەگەر ڕەشتری دانەگەڕێنێت. ئەوەی لە کۆتاییدا گرنگە جەختی لێبکەینەوە، دروستکردنی هەلومەرجێکی بەرفراوانە بۆ سەرەتای گفتوگۆیەک کە دەشێت کۆتاییەکی بنبڕ بۆ ئەم دیاردەیە دانەنێت، بەڵام لانیکەم بەرپرسیارێتییەکان و ئەرکەکان دیاری دەکرێن و قسەکردن و کاردانەوە لەبەرامبەر ئەم دیاردە سامناکەدا درێژەی دەبێت. ئەگەر ئێمە شکستمانخوارد لەوەی کە دابونەریتە دارزیوەکانی نەوەکانی بەر لەخۆمان بەرهەمنەهێنینەوە، ڕەوایە و ئەرکی سەرشانمانە زەمینەی گۆڕان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان چێبکەین.

سەرچاوەکان

Durkheim, Emil, (1952), Suicide: a study in sociology, London: Routledge & Kegan Paul.

Giddens, Anthony, (1984), The constitution of society: outline of the theory of structuration, Cambridge: Polity.

Hume, David, (2005), On Suicide, London: Penguin books.

Weber, Max, (1930), The Protestant ethic and the spirit of capitalism, translated by Talcott Parsons, London: Allen & Unwin.